کەشناسی هەرێم: ئەمڕۆ شەممە و سبەی یەکشەممە بارینی بەفر و باران بەردەوام دەبێت

کەشناسی هەرێم پێشبینی خۆی بۆ کۆشوهەوای 48 سەعاتی داهاتو بڵاوکردۆتەو رایگەیاند، ئەمڕۆ شەممە و سبەی یەکشەممە، بارینی بەفر و باران بەردەوام دەبێت و لە ناوچە نیمچە بەرزەکان کۆتوە دەبێت و پلەکانی گەرماش بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزن.

بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە راگەیندراوەکدا وتی، ئەمڕۆ شەممە، ئاسمان بگشتی هەوری بارناوی دەبێت، نمۆ باران و بارانی مامناوەند لە زۆربەی کاتەکاندا دەبارێت، لە ناوچە سنوریەکان و ناوچە شاخاویەکان بەفر بارین بەردەوامی هەیە، پێشبینی دەکرێت لە ناوچە نیمچە بەرزەکان تەکەڵەی باران و وردە بەفر (کۆتوە) ببارێت.

وەك کەشناسی ئاماژەی پێداوە ئەمڕۆ پلەکانی گەرما، 2 تا 5 پلەی نزمتر دەبن لەو تەمارکراوەکانی دوێنێ.

هەر بۆیە راگەیندراوەکە، سبەی یەکشەممە، ئاسمان هەوری بارناوی دەبێت، بارانی مامناوەند لە

هەمو ناوچەکاندا دەبارێت لە هەندێ کات و شوێن رێژەی داباریین زیاد دەکات بەتایبەت لە ناوچە شاخاویيەکان و ناوچەکانی رێژهەڵاتی هەرێم، بەفر بارین بەردەوام دەبێت لە ناوچە سنوریيەکان و ناوچە شاخاویيە بەرزەکان، پێشبینی دەکرێت لە ناوچە نیمچە بەرزەکان تەکەڵەی باران و وردە بەفر (کەوە) ببارێت، هەروەها لە کاتی باران بارینداا خێرایی با چالاک دەبێت بە سەروی 35 کم/ک بەتایبەت لە ناوچەکانی گەرمیان و سلێمانی، لە کاتی ئێوارەدا باران بارین بە نمە بارانی پچڕپچڕ لە هەندێ شوێن دەبێت.

بەپێی قسەی کەشناسی هەرێم، سبەی پلەکانی گەرما بەنزمی دەمێننەوەو نزیك دەبن لە تێمارکراوەکانی ئەمڕۆ.

کەشناسی هەرێم پێشبینی کردوە بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ سبەی بەم جۆرە بن: هەولێر: 10، سلێمانی: 7، دهۆک: 9، کەرکوک: 11، هەڵەبجە: 8، زاخۆ: 10، سەران: 7، گەرمیان: 12 پلە.